**هەرێمی کوردستانی عێراق**
ئەنجوومەنی نیشتمانیی
کوردستانی عێراق

## ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق

# پرۆتۆکۆلەکان

# ١٧

**١٩٩٨ ـ بەرگی حەڤدەیەم**

---

چاپی یەکەم ١٩٩٨

# پێڕست:


پرۆتۆکۆلی دانیشتنی دەسپێک دووشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٨/٣/٩ ——— ل٥

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١) دووشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٨/٣/١٦ ——— ل١٩

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢) چوارشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٨/٣/١٨ ——— ل٦٩

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٣) دووشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٨/٣/٣٠ ——— ل٩٩

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٤) سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٨/٣/٣١ ——— ل١٢٣

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٥) شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٨/٤/٤ ——— ل١٦٣

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٦) یەک شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٨/٤/٥ ——— ل١٩٩

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٧) سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٨/٤/١٤ ——— ل٢٠٧

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٨) چوارشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٨/٤/١٥ ——— ل٢٧٩

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٩) یەک شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٨/٤/١٩ ——— ل٢٩٩

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٠) دووشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٨/٤/٢٠ ——— ل٣٤٩

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١١) یەک شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٨/٤/٢٦ ——— ل٤١٩

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٢) دووشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٨/٤/٢٧ ——— ل٤٩١

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٣) سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٨/٤/٢٨ ——— ل٥٤٩

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەل**
**ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**
**ژمارەی بڕیار: ١٣**
**ڕۆژی بڕیار: ١٩٩٨/٤/٢٩**

**«بڕیار»**

پشت بەو دەسەڵاتەی کە بەپێی بڕگە(٣)ی ماددە(٢)لە یاسای ژمارە (١٠)دەی ساڵی ١٩٩٧دا پێمان دراوەو لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ژمارە (١١)ی ڕۆژی ١٩٩٨/٤/٢٦دا یاساکاری کردووە ئەم بڕیارەمان دەرهێنا:

**یاسای ژمارە(٥)ی ساڵی ١٩٩٨**
**(یاسای یەکەم هەموارکردنی یاسای ژمارە(١)ی ساڵی ١٩٩٢)**

**ماددەی یەکەم:**

ماددەی چوارەم هەموار دەکرێ و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

١ـ ئەندامێتی ئەنجوومەن و فرمانە گشتییەکان پێکەوە کۆناکرێنەوە، فەرمانبەری گشتی بەدەست لە کار کێشراوە حسێب دەکرێ لەو ڕۆژەوە کە لە بەرامبەر ئەنجوومەن دا سوێند دەخواو، لەسەریەتی کە

سکرتاریەتی ئەنجوومەن لە هەڵوێستی فەرمانبەرایەتیەکەی ئاگادار بکاتەوە.

٢ـ نابێ ئەندامێتی ئەنجوومەن و ئەندامێتی لەیەکێک لەئەنجوومەنە هەڵبژێردراوە پەیوەندارەکان بە فەرمانگەو دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێم کۆبکرێتەوە، ئەندام لەسەریەتی کە یەکێک لەو ئەنجوومەنانە هەڵبژێرێ لەماوەی هەشت ڕۆژ لە جاڕدانی ئەنجامی هەڵبژاردن، ئەگەر وای نەکرد بەهەڵبژاردەی ئەم ئەنجوومەنە حسێب دەکرێ و ئەنجوومەنیش بەمە ئاگادار دەکرێتەوە.

**ماددەی دووەم:**

بڕگەی یەکەم لە ماددەی پەنجا هەموار دەکرێ و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە

(بەستنی ئەنجوومەن یاسایی نابێت ئەگەر زۆرینەی ئەندامەکانی ئامادەنەبن، ئەنجوومەن بڕیارەکانی بەئامادەبوونی زۆرینە دەدا، لەو بارانەدا نەبێ کە زۆرینەی تایبەتی گەرەکە، بەگوێرەی یاسا، لەکاتی یەکسان بوونی دەنگەکانیش دا بەلای دەنگی سەرۆک دا دادەلەنگێ).

**ماددەی سێیەم:**

ماددەی پەنجا ویەک هەموار دەکرێ وبەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

(ماوەی ئەنجوومەن چوار ساڵە، لەیەکەم دانیشتنەوە دەست پێدەکاو بەدواین دانیشتن لەساڵی چوارەم دا دوماهی پێدێ).

**ماددەی چوارەم:**

مـــاددەی پێنجـــەم هەمـــوار دەکـــرێ و بەم شـــێـــوەیەی خـــوارەوە دەخوێندرێتەوە:

(هەمـوو ئەندامـانـی ئەنجـوومـەن بۆ کـاری ئەنجـوومـەن خـۆیان تەرخـان کردووە ئەنجامدانی ئیش وکاری حزبایەتی یان نیقابی یان ڕیکخراوە جەماوەرییەکان بەئەنجامدانی وەزیفە یان دەست ڕەنگینی یان پیشەیی حسێب ناکرێ ولەگەڵ مەبەستی ئەم یاسایە دا هاودژ نییە).

**ماددەی پێنجەم:**

ئەم یاسـایە لەمـێژووی دەرچوونیـیـەوە جـێبـەجێ دەکرێ ولەڕۆژنـامەی ڕەسمی دا پەخش دەکرێ.

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**